# بیرەوەریەکانم

هەفتەنامەی **رۆژی گەل** بە خۆشحاڵیەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز مام زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی رێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی دا ناسراوە، بیرەوەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێڕنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

بیرەروەریەکان لە شێوەی کتێب تایپ کراوە، بەڵام هیچ دامەزراوەیەک ئەرکی چاپکردنی لەئەستۆ نەگرتووە، هەڵبەت هۆکاری سیاسی لە پشت چاپ نەکردنی دا هەیە.

فەرموون با بەیەکەوە بیرەوەریەکان بخوێنینەوەو لێی سوودمەند بین

## کۆتایی بەشی یەکەم

## لە داخی باوکم بەرەو سەربازی دەڕۆم

پاییزێکی درەنگ ماڵمان بۆ (وارەکۆن) گەڕایەوە، ئەوکاتانە لە بارێکی نالەبار دەژیام، بە رۆژ وەڵاخم بۆ لەوەڕگاکان دەبردن، ئێوارە و بەیانیان دەبوایە بیان لەوەڕێنم، بەو شێوەیە من خزمەت کار بووم و (حەیدەرە رەش) یش یاوەر بوو! بە درێژایی ئەو زستانە ساردو بەفراویەش دارکێش بووم، جیا لەوەش بۆ ئەملا و ئەولاش دەنێردرام، زۆر شەوان دەڕۆیشتمە ماڵی (علی شێرکاوەیی)، ناوبراو پیاوێکی زۆر باش بوو، هەر لە گەنجیەوە چەکداری باوکم بووە، خێزانی (زولێ) منی زۆر خۆش دەویست، شەوێک پێی گوتم: (نازانم هۆی چییە باوکت تۆی لە بەرچاو کەوتوە؟) لەوەڵامدا گوتم: (پورە زولێ ئەوەش چارەنووسی منە، دیارە چارەنووسم تەنیا بەد بەختی و چارە ڕەشیە و لە ژیان بێ بەشم). (

ئەو زستانە زۆر سەخت بوو، بەفرێکی زۆریش باری، بەو سەرماو ساردیە جەڵەب بەرەو ئێرانەوە دەرۆیشت، ئێوارەیەک نزیک مەغریب لە پردی (وارەکۆن) پەڕیمەوە ئەو بەری جادەکە، کوتەکە بەفر ئەوەندە بەرز بوو منداڵ لە ناویدا دیار نەدەبوو، کاتێک مێگەلی جەڵەب گەیشتە راستی پردەکە توانیم دوو مەڕ لە جەڵەب داببڕم و بۆ سەر پردەکە بیان بەم و لە شوێنێکی پەنا رایان بگرم تاکو جەڵەبەکە لە پێچەکە ئاودیو بوو، ئەوکات بە تەواوی دونیا تاریک داهات، مەڕەکانم بردنەوە گوندو بردنمە لای (مستەفا حسێنی رەسوکەی) روستایی داواشم لێکرد کەس نابێ بیزانێ، کەچی بۆ رۆژی دوەم باوکم پێی زانی و یەکێکی کوشتەوەو دەستی بەسەر ئەوەی دیکەش داگرت. ئەویشم چوو بۆم بە دیارکەوت لە هەموو شتێک چارە رەشم و نازانم چارم چیە؟

زستانی 1942 رۆیشت، بە ئەزیەتێکی زۆرەوە سەرەتای بەهاری (1943) کەوتمە گێژاوێکی پڕ لە ئەزیەت و سەر شێوانێکی ئاڵۆز و زۆر گران، لە کۆتایی مانگی دووی ئەو ساڵە رۆژێک دوو باری باراشیان لە هێسترەکان بار کردو بە منیان گوت: (برۆ ئەو باراشە ببە ئاشی دەرگەڵە)، ئیتر کەوتمە دوای هێسترەکان و بەرەو دۆڵ ماویل کەوتمە رێ، رێگە درێژەکەی دۆڵ ماویل کۆتایی هات و هەورازی (شینک) هاتە پێش، بە سەلامەتی سەرکەوتین و چووینە سەر (زینی دەرگەڵە)، پێش ئەوەی بگەمە گوند لە (چنێران) بە رێگەی سەر جۆی سۆراندا رۆیشتمە ئاشی سەروو، خاوەنی ئەو ئاشە (قادر وەسمان) بوو ناوبراو لەگەڵ باوکم یەک ماڵە بوو ، کە گەیشتمە بەردەرگای ئاش وادیار بوو ئاشەکە لەگەڕ وەستابوو ئیشی نەدەکرد، لەوکاتەدا (مام قادر) لە ژێر ئاش دەرکەوت ، پێدەچوو خەریکی چاک کردنەوەی ئاشەکە بووبێ، کە چاوی بەمن کەوت گوتی: (بە خێرهاتی! بەراستی لە کاتێکی زۆر باش هاتی زۆر پێویستیمان بە هێسترەکان هەیە)، بارەکانمان خستن و لەگەڵ (مام قادر) چوینەوە گوند، پێش ئەوەی بڕۆین (مام قادر) بە ئاشەوانی گوت: (باراشەکانی مام سلێمان بەگ ببە ژورەوە)، کە گەیشتینە گوند من چوومە ماڵی (مام سەید ئاغا)، سێ رۆژی پێچوو تا ئاشەکە بەگەڕ کەوتەوە، لەو ماوەیەدا چاوم بە زۆر لە برادەران کەوت، ئەوانەی پێویست بوو بیان بینم، ئێوارەی رۆژی دووەم لەسەر جۆگەی سۆران چاوم بە خۆشەویستەکەم کەوت، کە لەگەڵ کۆمەڵێک بێری دەرۆیشتنە بێرێ، کەمێک قسەمان کردو گوتی: (ئارەزومە بە تەنیا بتبینم)، وا رێککەوت بە تەنیا بینیم و گوتی: (ماوەیەک لە مەوبەر حەیدەری نۆکەرتان لای پیاوەکانی ئێمە دەدواو لۆمەی تۆی دەکرد بە شێوەیەکی ناشیرین دەیگوت: (ئەو کورە زۆر ناپەسندە و توشی نگبەتی دەبێت، بۆیە ئاگاداری خۆت بیت)، بەوهۆیەوە بۆم بە دیارکەوت کچەکە دڵسۆزەو لە غەمی مندایە و هەستی کردوە (حەیدە رەش) هاندەری باوکمە لە دژی من. رۆژی چوارەم سەر لە بەیانی بارەکانیان بۆ بارکردم و گەرامەوە، بەڵام دڵم هەر لەسێ و دوودا بووکە پێم دەڵێن بۆچی ئەوەندە دواکەوتی؟

لە زینی (دەرگەڵە) بەسەرکەوتم، وەک هەموو جارێک بە ئارەزووەوە سەیری ئەم دیوو ئەو دیوم دەکرد و سەرەو ژێر بەناو دارستانی پاڵ زیندا دەرۆیشتم و هەستم بە دڵتەنگیەک دەکرد، لە کۆتایی پێچەکانی شینک لامدایە رێگەی(ماویلیان)، لە ناوەراستی رێگەی (بەرد گراو) وەهاب ئاغای جندیان خەریکی رێگە خۆشکردن بوو، کۆمەڵێک کرێکار خەریکی کارکردن بوون، پێش ئەوەی بگەمە لای کرێکارەکان لە دورەوە دیتم ماینەکەی باوکم لەوێ بەستراوەتەوە و خۆشی لای (وەهاب ئاغا) دانیشتووە، کاتێک لێیان نزیک کەوتمەوە، باوکم هەستا و بۆم هات و گوتی: (ئەوەندە رۆژە لە دەرگەڵە چیت دەکرد؟) نەیهێشت وەڵامی بدەمەوە، خۆئەگەر (وەهاب ئاغا )و ئەوانەی لەوێ نەبان و نەیانگرتبایە خراپی بەسەر دەهێنام، لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو دەستی ئەواندا بەردێکی راوەشاند بە رانم کەوت، وامزانی رانم شکا لەگەڵ لێدانەکە دڵم سست بوو، ئەوکات (وەهاب ئاغا) پێی گوت: (توخوا ئەو منداڵەت بۆ کوشت؟)! وەک دیار بوو لە هەڵوێست و کرداری باوکم رازی نەبوو، بە پەرۆشەوە گوتی: توخوا زوڵم بەو دەرەجەیە؟) لە دوای ماوەیەک بەناچاری هەرچۆنێکی بوو بە شەلەشەل و ئێش و ئازارەوە کەوتمەوە دوای هێسترەکان و رۆیشتم، لە رێگەدا لەبەر ئێشی زۆر ناوە ناوە دادەنیشتم، ئیتر هەر لەو کاتەدا دەربارەی ئەو ژیانە پڕ لە تاڵی و دەردەسەریەی من دەمچێژا بیرم کردەوە، ئەوە ژیانی مرۆڤ نیە، بەڵکو دەردەسەریە و داهاتووی تاریک دەبێ .

بۆ دۆزینەوەی چارەیەک و دەرباز بوون لەو دەردەسەریە کۆمەڵێک بیرۆکەم بەمێشک دادەهات، بیگومان کوشتنی زڕ دایک و حەیدە رەش و رووبەروو بونەوەی باوکم چارەی دەردی منی ناکرد، ئەم کارانەم بەلاوە پەسند نەبوو، بۆیە بیرم لەوە کردەوە لە ماڵ دەرکەوم و برۆم، هەوڵبدەم لە ریزی سوپا ببم بە سەرباز، ئەگەرچی باری سەربازی زۆر گران ناخۆش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەزیەت و ناخۆشیەم پێ باشتر بوو. بەو شێوەیە لە ناو دەریایەکی بێ سنوردا دەسوڕامەوە، تەنها خۆم دەزانم بەچ دەردەسەریەک گەیشتمەوە ماڵەوە، بارەکانم فڕیدان و بەپەلە چوومە ژوری دیوەخان و لێی درێژبووم. لەبەر ئێش و ئازار زۆر بە ئەزیەت بووم ئەوەندەی بڵێی هیلاک و پەرێشان بووم، تەواو لە خۆم بێزار بووم، لەگەڵ ئەوەشدا ئاغاژن کەوتبووە بۆڵەبۆڵ و گوتبوی چۆن رۆیشتوە درێژ بێت!! بۆ هێسترەکانی نەبردونەتە شوێنی خۆیان؟

کاتێک دایکم هات و دیتی زۆر هیلاکم و ماندوم، نەمدەتوانی هەڵگێرو وەرگێر بکەم و زۆر بە ئەزیەتم، لێمی پرسی: (ئەوە چیە کورم!! ئەوە چیت بەسەر هاتوە؟) وای دەزانی هێستر لوشکی لێداوم، لە دواییدا پێم گوت: ئاغا لە رێگە لێی داوم، کە سەیری شوێنی بەردەکەی کرد خۆی پێرانەگیراو دەستی بەگریان کرد، گوتم: (دایە مەگری گریان دەردی من دەرمان ناکات، هێشتا زۆری بەدواوەیە، دەردی من تەنیا دۆزینەوەی رێگە چارەیەکە، ئەویش رۆیشتنە لەو ماڵە زیاترنا، چونکە مانەوەم مەترسیەکی ترسناکی بە دواوەیە بۆ ئەوەی توشی هیلاکی زیاتر نەبم دەبێ زیاتر لێرە نەمێنم.). پێدەچوو دایکم ئەو کارەی منی بەلاوە باش نەبێ، بەڵام دڵە بەسۆزەکەی دایکم شکاندو هەرئەو رۆژە بە درەنگەوە رۆیشتم بۆ رواندز بۆ ئەوەی بەڵکو بتوانم رێگایەک بدۆزمەوە، ئەگەر نەکرام بە سەرباز چی بکەم!! ئەبێ ئەوەش بڵێم ئەوکاتەی من هەوڵم دەدا ببم بە سەرباز خەڵک لەبەر سەربازی رایان دەکردو خۆیان دەشاردەوە، کەچی من لە تاوی دەردی خۆم داوام دەکرد ببمە سەرباز هەر بۆ ئەوەی بەڵکو لەو دەردەسەریە نەجاتم ببێت.

ئێوارەی درەنگ بوو، دونیا تاریک داهاتبوو کە گەیشتمە(رواندز)، شەو چوومە حوجرەی فەقێیان، خاڵم لەوێ دەیخوێند، ئەو شەوە لەلای ئەوان مامەوە و بە درێژایی شەو خەوم لێ نەکەوت، هەر بیرم دەرکردەوە ئاخۆ ئەبێ بکرێم بە سەرباز یان نا ؟ زۆر بەپەلە بووم، زوو رۆژ دابێت، بەیانی زوو رۆیشتمە تەجنید، کە بە کارمەندانی تەجنیدم گوت: (هاتوم بمکەن بەسەرباز)، بە سەرسامیەوە سەیریان دەکردم> یەکێکیان گوتی: (تۆ بە راستیتە یان شێتی؟)، بە قسەی ئەو کاتبە زۆر ئاڵۆز بووم، بە نیگەرانی و بەبێ پرسی ئەو چوومە ژووری ئەفسەری تەجنید، لاوێکی روو خۆش دانیشتبوو، سەلامم کردو زۆر بە روو خۆشی وەلامی دامەوەو گوتی: (فەرموو چیت دەوێ؟) پێم گوت: (هاتوم یارمەتیم بدەیت بمکەیت بە سەرباز بۆ ئەوەی لە مردن رزگارم ببێت و هیچ چارەی ترم نیە، چونکە ژیانم لە مەترسیدایە، تەنیا بونم بە سەرباز لە مەترسی نەمان دوورم دەخاتەوە)، ئەفسەرەکە بە رووێکی خۆش و زەردەخەنەوە پرسی: (دەزانی لەچ ساڵێک لە دایک بووی؟) گوتم: (نا وەڵلا نازانم لەچ ساڵێک لە دایک بویمە، هەرچۆنێک بێت بۆ ئەوە هاتوم روحمێکم پێ بکەیت و بمکەیتە سەرباز، بۆ ئەوەی لەو دەردەسەری و بەدکاریە رزگارم ببێت، ئەگەر نەکرێمە سەرباز ئەوا ناچارم خۆم لەو خەرەندە فڕیدەمە خوارێ، چونکە چارەی من تەنها ئەو دوو رێگەیە)، سەیری ئەفسەرەکەم کرد لەگەڵ قسەکانی من رەنگی گۆڕاو گوتی: (کوڕی باش بۆ ئەوەندە بێزاری لە ژیان و خۆت لە خەرەند فڕێ دەدەی؟ تۆ هێشتا ئەوە نیت بکرێیت بە سەرباز)! لە دواییدا ئەفسەری هەست بەرز هەستی کرد کارلەکار ترازاوەو بە پێویستی زانی چارەیەک بدۆزێتەوە بۆیە هەستاو گوتی: (وەرە)، لەگەڵی رۆیشتم بردمی بۆلای قائمقام و خۆی چووە ژورەوە و زۆری نەخایاند هاتوە، گوتی: (قائمقام لێرە نیە و بەیانیش هەینیە، دوو بەیانی وەرەوە هەوڵدەدەم کارەکەت بۆ بکرێت).بە دڵ تەنگی دەرکەوتم و رۆیشتمە ناو شار لەوێش چوومە(فەقیان) تا رۆژی شەممە لە ماڵی خاڵەکانم مامەوە، ئەوکاتەی من چوومە(فەقیان) ئێوارەی پێنج شەممە بوو، شەو لەوێ ئەو بەسەرهاتانەی خۆمم بۆ خاڵەکانم (قادروسەعدی) گێڕانەوە، دیاربوو زۆر نیگەران و بە پەرۆش بوون،بە تایبەتی کاتێ شوێنی ئەو بەردەیان بینی کە لێم درابوو، بانگی نەنیان کردو بۆی داماڵیم و چەوری کرد.

رۆژی شەممە بەیانی زوو لەگەڵ خاڵ (قادر) رۆیشتینە (رواندز) لەوێ یەکسەر بۆلای ئەفسەری تەجنید، ناوبراویش یەکسەر منی بردە لای قائمقام، لە پێشدا خۆی چوە ژورەوە، کەمێک دواکەوت و ئینجا هاتە دەرەوە و بردمیەوە بۆ تەجنید گوتی: (من بە رێت دەکەم، بەلام دەترسێم پزیشکی سوپا لە حامیە وەرت نەگرێت و بڵێت بچوکە) ئەوەی جێگای دڵخۆشیم بوو لە تەجنید کارەکانیان زۆر بە پەلە بۆ کردم و کاروباری ئیختیارو موختاریشیان هەر بە خۆیان بۆ کردم، ئینجا بانگی سەربازێکی کرد ناوی (سمایل ئاغا) بوو ئەفسەرەکە ناردی بۆلای موختاری رواندز (رەئوف ئەفەندی)و پێی گوت: (پێی بڵێ ملازم محەمەد گوتی ئەو ئەوراقانە مۆر بکات)، (سمایل ئاغا) ئەوراقەکانی بردن و رۆیشت بۆلای موختار، زۆری پێ نەچوو گەرایەوە، ئەوراقەکانی تەواو کردبوون، لەگەڵ (سمایل ئاغا)ی سەرباز بەرێیان کردین بۆ حامیە، لەوێش بردنی بۆ لای ئەو پزیشکەی وەری دەگرتین، لەوێ زۆر چاوەروان بووین، خۆشبەختانە پزیشک وەری گرتین و بۆ مەرکەز تەدریب بەرێکراین.

*خوێنەری هێژاو خۆشەویست! بەشی یەکەمی بیرەوەریەکانی مام زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەییتان خوێندەوە، کە باسی لەتەمەنی منداڵی و هەرزەیی خۆی دەکرد، هیواخوازین لە گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی سوودمەندبووبن، ئیدی لە ژمارەی داهاتوودا بەشی دووەمی بیرەوەریەکانی دەخوێننەوە، با هەمووومان چاوەڕوانی بکەین..*



ریزی یەکەم لە چەپ بۆ راست: سلێمان حەکیم، عەلی حەکیم، عەلی خەلیل، حوسێن فەقێ ئەحمەد
ریزی دووەم لە چەپ بۆ راست: زرار سلێمان بەگ، بێجان جندی ، مەمۆ شوان
ریزی سێیەم لە چەپ بۆ راست: وەیسی عەلی، سەعید عەبدولوەهاب، حەمید خوسرەوی
ریزی چوارەم لە چەپ بۆ راست: عەبدولرەحمان حەبیب، سیامەند عەزیز

ئەم وێنەیە ساڵی 1954 لە تاشکەند گیراوە

## دەروون دونیا

### تورکیا بۆ وا دەکات ؟!

تورکیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە لەماوەی حەفتا ساڵی ڕابردوودا، نەیتوانیوە بە تەواوی سیاسەتی دەرەکی و ناوەکی خۆی یەک بخات. دەوڵەتێکە لەو ماوەیەدا هەمیشە پڕ بووە لە ململانێ و ناکۆکی ناوخۆیی بەهۆی زاڵ بونی بیری نەتەوە پەرستی و ڕەگەزپەرستانەی تورکەوە لەناو دەستەی ئەرکان و باڵا سەربازیە تورکیەکە کە هەتا کۆتایی حەفتاکانیش حوکمی عورفیان دەکرد، ئەو سیاسەتە لەو ڕۆژەوە دەستی پێ کرد و گەشەی کرد کە کەمال ئەتاتورک بنەمای دەستوری عەلمانی بۆ تورکیا دانا و هیچ ئازادی و سەربەستیەکی بۆ ئاین و نەتەوەکانی دیکە نەهێڵایەوە جگە لە نەتەوەی تورک نەبێت، بە تایبەتیش بەرامبەر بە نەتەوەی کورد خراپترین ڕەفتاری سەربازی و سیاسی و کلتوریان ئەنجام داوە و لە زۆربەی شوێنە گشتیەکانی تورکیا زمانی کوردی قەدەغە بووە بەرامبەر یەک وشەی کوردی بیست و پێنج قروشیان لەو کەسە سەند کە ووشەکەی دەووت.

بێ ڕێزی و پێ شێل کردنی بنەماکانی ئاین و گۆڕینی دەقەکان لە عەرەبیەوە بۆ لاتینی باس هەر ناکرێ، کەچی لەدەرەوەی تورکیا بە تایبەت لەگەڵ وڵاتە دراوسێ کاندا هەمیشە خۆیان بە میراتگری خەلافەتی عوسمانیەکان داناوە و بە بەردەوامی ئەو زامەیان کولاندۆتەوە کە فلان شوێن و فلان لایەن سەر بە خاکی تورکیان، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی بەلام بەهۆی لاوازیان بەرامبەر ئەو دەوڵەتانە هیچ کاتێ پرکێشی ئەوەیان نەکردووە کۆترێکی تورکی بەسەر ئاسمانی ئەو وڵاتانەدا بفڕێنن نەک هەر ئەوە بەڵکو لەگەڵیاندا هەمیشە کۆک و تەبا بونە لەسەر بەدواداچون و لەناودانی بزوتنەوەی کوردایەتی.

لە ساڵی 1952 تورکیا لە پەیمانی ناتۆ وەرگیرا بەمەش بوو بە تاقە گوڵەکەی ئەمریکا، بەڵام ساڵی 1974 بەهۆی گرتنی باکوری قبرسەوە نێوانیان ئاڵۆز بوو بۆیە تورکیا هێواش هێواش بیری لەوە کردەوە کە خۆی لە ئەوروپیەکان نزیک بکاتەوە بە تایبەتیش دوای پێکهێنانی (پەیمانی ماستریخت) و جۆرێک لە گۆڕانکاری دەسەڵاتی سیاسی تورکیا هەنگاوی باشتر هەڵهێنا لەبەرئەوە ئەمریکا دیسانەوە گرنگی پێ دایەوە بەڵام ساڵی 2003 پەیوەندیەکان جارێکی تر ئاڵۆز بونەوە کاتێک کە ئەمریکا بنکەی ئەنجەرلیک بەکاربهێنێ بۆ لێدانی ڕژێمی بەعس ئەم جارەشیان کە کوردستان خەریکە دەبێتە بنکەیەکی سەربازی ئەمریکی دیسانەوە بەهۆی هاتنی سوپای تورک بۆ کوردستان پەیوەندیەکان بەرەو ئاڵۆزتر دەچن.

ئێستا پرسیار گەلێک لە ئارادایە ئایا دەبێت تورکیا پشتی بە چی و بە کێ بەستبێت لەم سەرکێشیە نوێ یەدا؟ ئایا دەبێت لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراق و سەرۆکایەتی هەرێم هیچ ڕێکەوتنی کردبێ؟ یا دەیهەوێت خۆی وەک زل هێزی ناوچەکە نیشان بدات و وا بیر بکاتەوە کە ئەوروپا مەمنونی دەبێت؟ یاخود کارەکە پڕۆتۆکۆڵی نهێنی نێوان تورکیا و ئیسرائیلە بەرامبەر ئێران.

ڕەنگە وەڵامی هەموو پرسیارەکان لەو ترسەوە سەرچاوە بگرێت کە پارتی داد و گەشەپێدانی ئیسلامی ئەمڕۆ دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و دەیەوێ جۆرێک لە دان پیانان و ئازادی بۆ ئاین و نەتەوەکان لە دەستوردا بچەسپێنێ بەڵام ئەویش لە ترسی کودەتای سەربازی جاری نایهەوێ دڵی جەراڵەکان بڕەنجێنێ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com